# تەنها چەند خولەکێک ماوە بۆ کاتژمێر دوانزە!

بورهان أ. یاسین

٢٠١٧/٩/١٣

---

ناواخنی وتار

پێشەکی ---------------------------------------------------------------------------- ٢
١) رێکەوتنی یەکێتی و پارتی -------------------------------------------------- ٣
٢) ریفراندۆم و کەمتر لە چارەگ بۆ کاتژمێر دوانزە ------------ ٧
دەرەنجام ---------------------------------------------------------------------------------- ١١

## پێشەکی

تەنها چارەگێک ماوە بۆ کاتژمێر دوانزە وەک پەند بە حاڵەتێک دەگوترێ کە لە کەمی کاتدا بۆ ئەنجامدانی کارێک یا گەیشتن بە ئامانجێک لە دوایین چرکەدا پێویستە ئەوپەڕی پەلە بکەیت، واتە دەستوبرد بکەیت چونکە خەریکە کات تەواو دەبێت.

ئەوەی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان روودەدات رێک ئەم حاڵەتەیە: کات زۆر کەم ماوە لەبەردەم هێزە سیاسییەکاندا بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەن بە ئاراستەی ئێسگەی هەرە کۆتایی لە پرۆسەیەکی پڕ لە کۆست و ژان، کە لە دوو ساڵی رابردودا باڵی بەسەر باشووری کوردستاندا کێشاوە. لە راستیدا، ئەم پرۆسەیە پڕ لە ئێش و ژانە دابڕاویش نییە لە ساڵانێکی دوور و درێژی "ئەزموونی باشووری کوردستان" لە ٢٦/٢٥ ساڵی رابردوودا. ئەم کاتژمێر چارەگ بۆ دوانزەیەش هەر لە خۆڕا و لە ناکاویشدا نەهاتووە، بەڵکو تا رادەیەکی لەدەستدانی کاتێکی زۆرە و بە رادەی یەکجار زۆریش دەستکردی هێزێکی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستانە، کە ئەویش پارتی دیمۆکراتی کوردستانە. پێشتر لە ساڵی ٢٠١٣ پارتی بۆی چوویە سەر کاتێک کە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی پاڵدا تا گەیشتە چارەگ بۆ دوانزە وە بە هاوکاری یەکێتی "سەرکەوتوو بوو" لەوەی ئامانجی خۆی لەو پاڵدانە بپێکێ کە ئەویش درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتی مەسعود بارزانی بوو. ئەم ئەزموونەی دیسان تاقیکردەوە لە ٢٠١٥دا، بەڵام ئەمجارەیان بە کودەتای ١٢ی ئۆکتۆبەر تەواو بوو.

ئەمجارەشیان، کە تیایدا ریفراندۆم ئامرازی هەرە سەرەکییە، بارزانی و پارتی، بە یارمەتی هەندێک هێزی دیکە، بە دەستنیشانکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ ریفراندۆم (واتە ٩/٢٥) ئەو چارەگە سەعاتەی بەر لە کاتژمێر دوانزەی دروستکرد **کە پێویستی بوو.** دامەزراو لەسەر ئەم گریمانەیەش بە ئەگەری زۆر ئەمجارەیان بە ئاسانی ناچێتە سەر وە بارزانی و پارتی ئەوەیان دەست ناکەوێت کە لە پێناویدا ئەم چارەگە سەعاتەیان دروستکرد، چونکە بە ئەگەری یەکجار زۆر ئەم ریفراندۆمە دوا دەخرێ، بەڵام دوای ئەوەی هەر زوو زیانێکی زۆری بە کورد گەیاند: کارتێک

دەسوتێنرێ کە دواجار کورد لە عێراق ناچار بە چۆکدادانی زیاتر دەکات. کورد دوای دواخستنی ریفراندۆم بە لاوازییەکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە بەغدا وە دوای ئەو گەڕانەوەیەش زۆرێک لە دەرگاکان لەبەردەمیدا داخراون!

مەبەست لەم وتارەی بەردەست ئەوەیە کە رۆشناییەکی بە پەلە بخەمە سەر ئەم چرکە ساتە زۆر هەستیارە. لە راستیدا نەک هەر هەستیار، بەڵکو زۆریش پڕ لە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دوارۆژی باشووری کوردستان. ئەم سیاسەتەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و بارزانی لە پاڵدانی ئاراستەکە لە چارەگە سەعاتی هەرە کۆتاییدا پڕە لە سەرکێشی و موغامەرە، ئەگەر نەوەستێنرێت ئەوا بە ئەگەری زۆر دەرگایی جەهەنەمێکی خوێناوی روو بەو بەشەی کوردستان دەکرێتەوە.

گریمانەی ئەم وتارەش ئەوەیە کە دواجار بە ئەگەری یەکجار زۆر ئەم ریفراندۆمە دوادەخرێ، بەڵام پارتی و بارزانی لەو هەوڵەدان کە ئەم دواخستنە نەک هەر نەبێ بە ئیحراج و شکست بۆ خۆیان بەڵکو رێک ئەو ئامانجە شاردراوەی کە کاریان لە پێناودا کردووە بپێکن کە ئەویش درێژکردنەوەی ماوەی درێژکراوەی مەسعود بارزانییە بۆ دوو ساڵی تر و درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانە بۆ دوو ساڵی تر. گریمانەیەکی تر ئەوەیە کە درێژکردنەوەی کاتی پەرلەمان بە رادەی یەکەم مەتلەب و داخوازی یەکێتییە، لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە کە ئەم حزبە بەو دۆخەی کە لە ناوخۆدا هەیەتی بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە بۆ هەڵبژاردن لە ١١/١، نەک هەر ئەوە بەڵکو بۆ ماوەیەکی باشیش، بە ساڵ و دوو ساڵیش، هەر ئامادە نابێت بۆ هەڵبژاردن!

## ١) رێکەوتنی یەکێتی و پارتی

ئەو "رێکەوتنەی" کە دوو رۆژ بەر لە ئێستا پارتی و یەکێتی پێی گەیشتن شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. لە میدیاکاندا دەبیستین کە رێکەوتنەکە لەسەر پرۆژە ٧ خاڵییەکەی یەکێتییە، بەڵام بە باوەڕەوە دەڵێم ئەم رێکەوتنە دیزاینێکی فراوانتر و

قوڵتره وه زادەی بۆچوونی یەکێتی و پارتییە کە ئەم دوو حزبە جارێکی دیکە دۆخی هەرێمی کوردستان بگەڕێننەوە زەمانی ٥٠ بە ٥٠ کە تیایدا ئەم دو حزبە توانیبوویان یەکگرتووی ئیسلامیش شتێکی لە دەسەڵات دەست بکەوێ، بەڵام لە راستیدا بێ دەسەڵات. بەندە لەوە پشتڕاستم کە جگە لەو ٧ خاڵە پلان و دیزانێکی هاوبەشی ئەو دوو حزبە هەیە روو لە تەواوی مەسەلەی سیستەم و دەسەڵات و دوارۆژی ئەم هەرێمە: هەندێکیان پێی دەبێژن نوێکردنەوەی هاوپەیمانی ستراتیژی وە هەندێکیشیان پێی دەبێژن هاوپەیمانی ستراتیژی نوێ، کە لە راستیدا هەردووکیان دیوی هەمان دراون و تەنها لە ناودا جیاوازیان هەیە و هیچی تر. پێویستی پارتیش بە رێکەوتنێکی ئەوها زۆر هۆی هەن بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە پارتی نایەوێ جارێکی دیکە وەک کەمینە بگەڕێتەوە پەرلەمان، واتە گەڕانەوە بۆ پەرلەمان دوای ئەم رێکەوتنە لەگەڵ یەکێتی ئەسلەن خۆی زەمانەتێکە بۆ ئەوەی پارتی رازی بێت بە کاراکردنەوەی پەرلەمان و گەڕانەوەی ئەو حزبە بۆ ناو پەرلەمان و کاری پەرلەمانی، چونکە ئەم رێککوتنە وا دەکات کە پارتی ئەمجارەیان وەک کەمینە ناچێتەوە ناو پەرلەمان.

لە راستیدا هەر ماوەیەکی کەم دوای کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەر هێمای ئەوە دەرکەوتن وە قسەیەکی ئەوهاش فڕێدرایە مەیدانەوە کە ئیتر "ئەگەر گۆڕان نەیەتە پێشەوە ئەوا یەکێتی و پارتی بە یەکەوە پەرلەمان کارادەکەنەوە"، یا هەندێک جاریش دەگوترا کە "پارتی و یەکێتی بەرپرسیارییێکی تایبەتییان دەکەوێتە سەر شان وە **دەبێ بەیەکەوە ئەم دۆخە تێپەڕێنن و نابێ ئەوەندە چاوەڕوانی ئەوانی تر بکەن**"... هتد). کە لەو ماوە درێژەشدا یەکێتی ئەو کارەی نەکرد زۆر هۆی هەبوو، بەڵام دواجار ئەم هۆیانە ئەمڕۆ یا نەماون یا زۆر کاڵبوونەتەوە و ئیتر گرنگ نین! لە راستیدا بوونی رێکخەری گشتی بزاڤی گۆڕان نەوشیروان مستەفا زەمانەتێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی کە یەکێتی بە ئاسانی نەتوانێ هەنگاو بۆ دواوە هەڵێنێ. یەکێکیش لەو هۆیانە ناڕازیبوونی قەواعیدی یەکێتی و بەشێک لە سەرکردایەتییەکەی بووە لەمەڕ رێکەوتنی تاکلایەنە لەگەڵ پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان.

یەکێتی، ڕوو لە قاعیدەی ئەو حزبە و ڕەگەزە ناڕازییەکانی ناو سەرکردایەتی ئەو حزبە، بە پڕۆژەکەی هەرە دواییی (٧ خاڵ) ئەم کۆسپەشی (واتە ناڕازیبوونی جەماوەری یەکێتی و بەشێک لە سەرکردایەتییەکەی لە مەسەلەی نزیکبوونەوە لە پارتی) لابرد: لە ڕێکەوتنەکە لەسەر ئەم پڕۆژەیە بە جەماوەری یەکێتی و ناڕازییەکان لە سەرکردایەتی ئەو حزبە وترا "**ئێتر ئەوەتا پارتی هەموو مەرجەکانی گۆڕانیشی قەبووڵ کرد نەک هەر هی یەکێتی، ئێتر هیچ هۆکارێک نەماوەتەوە بۆ بەشدارینەکردنی گۆڕان لە کاراکردنەوەی پەرلەمان**". واتە ئەو بەشەی لە سەرکردایەتی یەکێتی کە هەر زوو زۆریش پێداگریان لەسەر پێکهاتنی تاکلایەنی یەکێتی دەکرد لەگەڵ پارتی لە ڕێگای ئەم پڕۆژەیەوە "**گەیشتن بە مەبەست**".

ئێتر دوای ئەم ڕێکەوتنە وە بە لەبەرچاوگرتنی نزیکبوونەوەی کاتی ریفراندۆم وە هاوتەریبیش زێدەبوونی فشارەکان و بگرە هەڕەشەی زۆر جددی سەربازی لەسەر هەرێم، کات **زۆر زۆر کەم ماوە**، کات کەمتر لە "چارەگێک بۆ دوانزە" بەدەستەوە ماوە، ئەگەر چی بۆ زۆر شتیش ئەسلەن درەنگە!

لە لایێکی ترەوە ئامادەیی پارتی کە گوایە ئامادەیە بەبێ مەرج پەرلەمان کارابکرێتەوە، بوارێکی نوێی بۆ جوڵەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کردەوە کە پێشتر نەبوو. بەو مانایەش کاتی سیاسەتکردنێکی چڕ و بە پەلە و دینامیکی دەستپێکرد. بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە لە ڕاستیدا کات زۆر کەمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشە کەڵەکەبووانە، کە زۆرێکیان کەڵەکەبوونی ٢٦/٢٥ ساڵی حوکمڕانی کوردین، نەک تەنها هی ئەم دوو ساڵەی دوایی.

ئەمڕۆ دوای ئەم چوونە پێشەی پارتی و یەکێتی لە یەکتر لەو چارەگەش هەر چەند دەقیقەیەک ماوە، ئەوا ئەگەر ئەسلەن ئەو چەند دەقیقەیەش مابێ! لە ڕاستیدا دەترسم ئەسلەن ئەو چەند دەقیقەیەی کە ماوە بە کەڵکی ئەو سیاسەتکردنەش بێت کە سیستم و خەڵک و دوو هێزی گرنگ (کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان) پێویستیانە! بە ئەگەری زۆر ئەو کاتە گرنگە بۆ سیاسەتکردن لەدەستدرا وە بەشی زۆری بەرپرسیارێتی سووتاندنی ئەم کات و کارتە گرنگەش یەکێتی نیشتمانی هەڵیدەگرێ.

یەکێتی بە هەڵوێستەکانی بارودۆخێکی دروست کرد کە ئیتر لە جیاتی ئەوەی باس **لە رزگارکردنی پارتی بکەین لەو مەئزەقەی تێیکەوتووە بە هۆی سەرکێشی لە مەسەلەی ریفراندۆمدا بۆ حاڵەتێک کە هەموو هێزەکان، کەم یا زۆر، مەجبوور بن لەگەڵ پارتی پێک بێن، بە کەمتر لەو مەرجانەی کە دەکرێ لە کاتی جێبەجێکردنیان هەندێ سودی بۆ خەڵک و چاککردنی ژیانی خەڵک هەبێت. هەموومان دەبێ ئەمڕۆ بە راشکاوی بپرسین ئایا بەڕاست یەکێتی زۆر لە پارتی راستگۆترە لە پاراستنی "وەعدی شەرەف". وا بزانم ئەمڕۆ هیچ گومانێک لەوەدا نەما کە وەڵامی ئەم پرسیارە چی دەبێت.** ئەگەر لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ٧ خاڵ هەبێت ئەوا لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا ٢٥ خاڵ هەیە، کوا ئەم هەمو خاڵانەی ئەو رێککەوتنە!

بە بۆچوونی خۆم خەتورەتی ئەم "ریکەوتنەی" پارتی و یەکێتی کورتخایەن نییە بەڵکو درێژخایەنە، لە راستیدا دەچێتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و ستراتیژی لە رێگای پەیوەستبوونی تەواوی مەلەفەکە بە زۆر مەسەلەوە، لە پێش هەمووشیانەوە مەلەفی سەربەخۆیی کوردستان. درێژخایەنییەکەی لەوەدایە کە زۆرێک لە سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی زۆر خوازیاری ئەوەن کە بگەڕێنەوە قاڵبی ٥٠ بە ٥٠ی ساڵانی پێشتر. ئەمە تەنها خواستیش نییە، بەڵکو دەمێکە کار بۆ ئەوە دەکرێ، چونکە رێکەوتنێکی ئەوها ئامرازێکە بۆ پاڵدانی بزاڤی گۆڕان وە بە رادەی دووەم کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پەراوێزی سیاسەت و سیاسەتکردن. ئەمەش شتێکە کە گۆڕان و کۆمەڵ پێویستە حسێبێکی جددی بۆ بکەن و هەوڵی جددیش بدەن بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات، لەگەڵ ئەوەشی ئەوە دووپات دەکەمەوە کە کەمتر لە چارەگێک کات ماوە بۆ کاتژمێر دوانزە وە لە کاتی گەیشتن بە کاتژمێر دوانزەش یا ئەوەتا گەڕانەوە دەبێ بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک یا تەکانێک بەرەو پێشەوە دەبێ بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکان. هەر چەندە من خۆشبین نیم، بەڵام گرنگە هەموو توانەیەک بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە چوارگۆشەی ژمارە یەک، چونکە لەو چواگۆشەیەدا بۆ ماوەیەکی باش لە پێشماندا بە ئەگەری زۆر هەڵبژاردن نابینین وە حوکمی ئەمری واقعی یەکێتی و پارتی باڵ بەسەر باشووری کوردستاندا دەگرێت،

وه هەموومان دەكەوینە ناو "تونێڵە تاریكەكە": لەم تونێلە تاریكەشدا پارتی دەستكراوە دەبێ لە فەرمانڕەوایی زۆرینە گەر چی كەمینەشە؛ یەكێتیش لە هێزێكی پەرتەوازە دەچێتە پێگەی هێزێكی خاوەن دەسەڵات و توانست و كاتی زێتری دەبێ بۆ چارەسركردنی كێشە ناوخۆییەكانی، ئەوا ئەسلەن ئەگەر ئەم كێشانە دەرفەتی چارەسەركردنیان مابێ.

## ٢) ریفراندۆم و كەمتر لە چارەگ بۆ كاتژمێر دوانزە

بەندە پێم وایە، پێویستە بزاڤی گۆڕان لەم كاتە كەمەی كە ماوە، **بگرە ئەم هێزە هەندێك درەنگیش كەوت،** باس لە هەندێ كارتی تر بكات بە شێوەیەك كە **دەرگا لەبەردەم ئەو "كارتە" یا "كارتانە" بكاتەوە وەك بەشێك لە فشار بە ئاراستەی بردنەوە لە دانوستاندنی سیاسیدا، بەڵام بە زەروورەت هەر ئەمڕۆ و هەر ئێستا بڕیاری كۆتایی لە بارەی ئەم كارتە یا كارتانە نەدات وە هەر ئەمڕۆش بەكاریان نەبات.** من پێم وایە كاتی ئەوە هاتووە كە هەڵوێستی گۆڕان لە ریفراندۆم لە ناڕوونی بچێتە قسەكردنێكی جددی تر لەسەر ئەو مەسەلەیە. با راشكاوتر بم بۆ نموونە بزاڤی گۆڕان بە راشكاوانەتر بڵێ كە بزووتنەوەكە هێشتا هەڵوێستی یەكلاكەرە و كۆتایی لەسەر ریفراندۆم وەرنەگرتووە وە **زۆر بژاردە لە بەردەم ئەم بزووتنەوەیە هەن** بۆ هەڵوێستە كردن لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە. لەوەش زیاتر دەكرێ گۆڕان هەر ئێستا بڵێ كە ئەگەر هات و پڕۆسەی ریفراندۆم بەم شێوازە بە شەخسی و حیزبیكراوە بمنێنێتەوە وە ریفراندۆم هەر وەك سەركێشییێكی لایەنێك یا چەند لایەنێك لە موغامەرەیەكی پڕ لە مەترسیدا بمێنێتەوە، ئەوا **دوور نییە پێویست بكات كە گۆڕان** دەست بۆ بژاردەی تر ببات، لە پێش هەمووشیانەوە **بایكۆتی دەنگدان لە ریفراندۆمدا:**

١) لایەنێك قوت و ژیان و ئاسایشی خەڵكی كوردستانی بە بارمتە گرتووە لە پڕۆسەیەكدا، كە تیایدا مەبەست ئەنجامدانی ریفراندۆمە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی

هەموو ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی ئەوها چارەنووسساز و پڕ لە کێشە و پڕ لە مەترسی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو. هەر بناکراو لەسەر ئەمە، بەندە دیسان لەو باوەڕەدام کە لە ئەجێندای پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لە ئەمڕۆدا، هیچ شتێکی تر نییە تەنها ریفراندۆم نەبێت. لەم ئەجێندایەدا، خاڵی یەکەم ریفراندۆمە، خاڵی دووەم ریفراندۆمە وە خاڵی سێهەمیش هەر ریفراندۆمە و. . . هتد. جا ئەگەر رێکەوتنە ٧ خاڵییەکەی یەکێتی و پارتی، یا چەند خاڵ دەبێت بابێت، مەبەست یەک خاڵە: ریفراندۆم وە لە پشت ریفراندۆمیش دیزاینێکی شەخسی بارزانی و حزبی خۆی حەشار داوە کە مەبەستی سەرەکی تیایدا درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی بارزانییە و دواخستنی هەڵبژاردنەکانە بۆ کاتێکی نادیار و کردنەوەی پەرلەمانە بە باڵادەستی پارتی و یەکێتی و پەراوێزخستنی ئەوانی ترەوە. . .

٢) من مەترسییێکی زۆر جددی دەبینم لەوەی کە **ئەم موغامەرە و سەرکێشیەی بارزانی و پارتی ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەوەی بەدەستیش هاتووە.** لە راستیدا ١٣ ساڵ بەر لە ئێستا ئەم مەترسیەم باس کردووە کاتێک دەڵێم: "من لەوە دەترسم کە کورد لە عێراقی دوای سەددام سیاسەتێک پیادە بکات کە لە ئەنجامیدا نەک هەر عێراقی دیمۆکراتی بەدەست نەیەت بەڵکو کوردستانیش لەدەست بچێت." ئەم قسەیەم لە یەکێ لەو دوو نامەیەدا هاتووە کە رۆژێک دوای کەوتنی دکتاتۆر بۆ سەرانی پارتی و یەکێتی نووسیبوو. . . من پێم وایە ئەمە رێک ئەو چرکەساتەیە کە زۆر لێی نزیک کەوتووینەتەوە: شەڕێکی قورس و خوێناوی لەبەر دەرگای کوردە، لە رێگای ریفراندەمەوە، ئەم شەڕە دێتە ناو ماڵی کوردیش، نەک هەر لەبەر دەرگا دەمێنێتەوە!

زیاتر لە سێ ساڵیش بەر لە ئێستا (لە بابەتێکمدا بە ناوی کوردستان لە رووبەڕوبونەوەی داعشدا، کە دواتر وەک کتێب لەسەرەتای ٢٠١٥ بڵاوبوویەوە) باسی مەترسی دوای داعش دەکەم لە بە شیعەکردن و ئێرانیکردنی بەرەوڕووبوونەوەیەک کە کورد تیایدا دەبێتە لایەن: بە داخەوە ریفراندۆم دەبێتە ئەو

دەرگایەی کە کورد لە ڕێگایەوە رادەکێشرێتە ناو ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە. حەقە هەر لێرەدا ئەوەش بڵێم کە هەر لەو بابەتەدا باسی ئەوە دەکەم کە لە شەڕ دژی داعش زۆربەی جیهان، بە تایبەتی رۆژئاوا، پشتگیری لە کورد کرد بەڵام لە شەڕی حەشدی شەعبیدا کەس پشتگیری کورد ناکات. . .! ئەمە بەرپرسیارییێکی جددیە. تورکیاش چۆن شنگالی پاراست هەر ئەوەندەش، بەڵکو کەمتریش، بەرگریمان لێ دەکات دژی حەشد و بەغدا و ئێران. . . ئەمڕۆ تا جلەوی ریفراندۆم لە دەست پارتی و بارزانیدا بێت ئەوا بە بۆچوونی تورکیا ئەم مەسەلەیە لە "دەستێکی ئەمیندایە" (واتە دەستی بارزانی و پارتی) بەڵام ئەگەر ریفراندۆم بوو بە هی هەموو خەڵکی کوردستان وە بوو بە پرۆژەی راستەقینەی گەلێک بۆ بە دەوڵەت بوونێکی راستەقینە ئەوا ئەو کاتە، بە ئەگەری زۆر، تورکیا هەڵوێستێکی تری دەبێت!

٣) بنا لەسەر ئەوە پێویستە گۆڕان هەر ئێستا ببێ بە خاوەنی گوتارێکی روونتر لەمەڕ ریفراندۆم، هەرچەندە لە راستیدا کەمێک درەنگیش کەوتووە. هەڵوێستی گۆڕان لە ڕێگای کەی ئێن ئێن و موقابەلەکردنی چەند "شارەزا" و چالاکوانێکی مەدەنی و . . . هتد نایەتە دەنگ: ئەم هەڵوێستە پێویستی بە زیاتر، زۆر زیاتر هەیە، لە پێش هەموو شتێکیشەوە پێویستی بە بوێرییێکی سیاسییە کە ڕێچکەشکێن بێت! بەندە هیچ هۆکارێک نابینم کە گۆڕان لێبگەڕێ مەسعود بارزانی ئاگرێک هەڵگیرسێنێ کە تیایدا تەڕ و وشک بسوتێ، یا کەشتیەکەی کورد بە هەمووەوە، بە کابینەکەی گۆڕانیشەوە، نوقمی دەریا بکات. بەرپرسیارێتی گۆڕان گەورەترە لەوەی کە تا ئێستا گوزارەشی لێکراوە، بەرپرسیارییێتییێکی گەورە لەبەر دەرگای گۆڕانە وە هیچ دەرفەتێک بۆ خۆلادان لێی نییە. بە بۆچوونی خۆم باسکردن لە بایکۆت، بناکراو لەسەر کۆمەڵێک ئەرگیومێنت و بەهانەی عاقڵانە **بەبێ ئەوەی بە زەروورەت گۆڕان جارێ بڕیاری تەواوەتی بایکۆتی دابێت،** بەڵکو تەنها هێماکردن پێی لەم چرکە ساتە هەستیارەدا، دەتوانێت ستۆپێک بەو هەموو سەرکێشی و "سەرشێتییە" بکات. ئاخر ئەوەتا ئەمڕۆ بارزانی (بە پێی هەواڵەکان) **بە ناوی گۆڕان قسە دەکات و دەڵێت جەماوەری گۆڕان و سەرکردایەتییەکەی دەنگ بە بەڵێ دەدەن لە ریفراندۆمدا.** ئەم

قسەیە مەترسیدارە و جێگەی خۆی بوو یەکێک لە ئاستی هەرە بەرزی گۆڕان بە ناوی گۆڕانەوە ڕاگەیاندنێکی تێر و لەجێدا بدایە وە بیگوتایە (ئاخر چۆن دەکرێ کەس و لایەن ئەو مافە بە خۆیان بدەن لە جیاتی بزووتنەوەی گۆڕان بڵێن جەماوەری گۆڕان و سەرکردەکەی دەنگ بە بەڵێ دەدەن لە ریفراندۆمدا). ئەمە هەرگیز نابێ ڕووبدات. باوەڕم وایە لەمە ئەولاتر ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەرپرسی میدیای بزاڤی گۆڕان (عەبدولڕەزاق شەریف) لە دیمانەیەکدا دەڵێت "ئەگەر ڕیفراندۆم بکرێت دەنگی گۆڕان بەڵێ دەبێت".[1] من پێم وایە ئەمە ڕاگەیاندنێکی ئەوپەڕی ناسیاسیانەیە چونکە بەم ڕاگەیاندنە گۆڕان بە پارتی دەڵێ ئێمە لەگەڵ بین یا نا، پەرلەمان کارا کرابێتەوە یا نا وە ئەسلەن ئێمە ڕێککەوتبین یا نا، **ئەوا دەنگی گۆڕان هەر بەڵێیە!** ئەمە ڕێک سوتاندنی بەهێزترین کارتی دەستی گۆڕانە: ئاخر تا ڕادەیەکی زۆر پارتیش تەنها پێویست و مەراقی ئەم بەڵێیەیە و هیچی تر. پرسیارە جددیەکەش ئەمەیە: ئایا گەر پارتی بزانێ دەنگی گۆڕانی مسۆگەرە ئەی ڕێکەوتن لەگەڵ گۆڕان لە پای چی و لە پێناوی چیدا!

ئێتر ئێمە گەیشتووینەتە وێستەگەیەک کە تیایدا لە ماوەیەکی کەمدا پێویست بکات گۆڕان **بایکۆت** وەک بژاردە بێنێتە ناو باس و خواس وە جەخت بکاتەوە کە هەموو بژاردەیەک لە پێش گۆڕان کراوەن وە پێویستە هەموو لایەنەکان، بە تایبەتی سەرکێشان و سەرشێتانی ریفراندۆم، باش لە پەیامەکە بگەن. بژاردەیەکیش دەکرێ ئەوە کە گۆڕان بە هەموو قورسایی بەشدار دەکات لە ریفراندۆمدا بەڵام بە دوو دەنگ (بەڵێ و نەخێر: **بەڵێکە بۆ سەربەخۆییە**، و **نەخێریش بۆ ریفراندۆمە** "سەقەتەکە"، بەم مانایەش سوتاندنی کارتەکان بە دوو دەنگ. ئێستا قۆناغی وەک عەرەب دەڵێ (تلویح)ە بە بژاردەکان، تەنانەت زۆر درەنگیشە!

هەڵبەتە من تێدەگەم کە ئەوەی ڕوویدا نابێ ڕوویبدایە بەو مانایەی کە مەترسی ئەوەی "ڕۆژێک دێت پارتی و بارزانی دەست بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەبەن کە تیایدا هەمووان ئیحراج دەبن". پرسیاریش ئەو کاتە ئەمە دەبێت: **دەستێکی**

[1] http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=95398 دەستگەیشتن: ٢٠١٧/٩/١٣

**ناشیرین شتێکی جوانت پێشکەش دەکات: وەریدەگریت یان رەددی دەکەیتەوە!** لە کاتی پێشوودا ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە بابەتی دەستبردنی پارتی و بارزانی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کردی **هەڵەیەکی گەورە بوو، کە بەردەوام، هەندێک جار بە "بێمنەتیشەوە"، دەوترا کە** بەڵی ئەوەی پارتی و بارزانی باسی دەیکەن تەنها **موزایەدەیەکی سیاسی و هیچی تر. . . خەرابتر لەوە هەندێک جار وتراوە، با ئەوان (بارزانی و پارتی) دەوڵەتی کوردستان راگەیێنن ئێمەش پیرۆزباییان لێ دەکەین: شتەکان بەو سادەییە نەبوو و بە سادەییش نیە و لە داهاتوشدا بەو سادەییە نابێت.** چونکە بۆ پارتی و بارزانی سەربەخۆیی دیزاینێکی سیاسییە لە گەمەیەکی سیاسی فرەرەهەند و زۆر ئاڵۆزدا، مەبەستێکی سەرەکیش داگیرکردنی دوارۆژە وە هەر بەو ئامرازەش (واتە بە رفاندن و داگیرکردنی پرۆژەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی) خوازیارە هێزە سیاسییەکانی تر بێ دوارۆژ بکات و دوارۆژیان داگیر بکات لەسەر ئەو گریمانەیەی کە دەڵێ **ئەوەی ئەمرۆ خاوەنی پرۆژەی سەربەخۆییە هەر ئەویش خاوەنی داهاتووە!** وەک لە جێگای تریش نووسیومە و وتومە: خێڵ و بنەماڵە لە ناوەراستی سەدەی رابردوودا دەستیان بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا گرت، ئەمرۆش خێڵ و بنەماڵە بۆ دەیانساڵی داهاتوو دەستی بەسەر پرۆژەی سەربەخۆیی داگرتووە. . . هتد. چەند ساڵێکیش پێش ئێستا هاوارمان کرد، تکایە با ئەم شتە روونەدات، با نەگەینە ئەو ئێستەگەیە، چونکە ئەو کاتە دەکرێ کاریسە روو بدات و ئەو کاتەش هەموومان زۆر درەنگ کەوتبین!

## دەرەنجام:

پارتی و بارزانی بەر لە هەموو کەس و لایەن باشتر دەزانن کە چارەنووسی ئەم ریفراندۆمە یەکێکە لەم دوو دەرهاوێشتەیە: ١) لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا باشووری کوردستان، بە ئەگەری یەکجار زۆر رادەکێشرێتە ناو ململانێیێکی خوێناوی کە لە ئاکامدا هەر دەبێ بە گفتوگۆ تەواو ببێ! لەگەڵ ئەوەی کە سیناریۆی

دووبارەبوونەوەی شکست و چۆکدادانی ١٩٧٥یش لەبەر دەرگایە، ئەو کاتە گفتوگۆش زۆر بە کەڵکی کورد نایەت! لەگەڵ ئەوەشی کە کەس ئەمڕۆ بە تەواوەتی نازانێ قەوارەی ئەم پێکدادانە چەند دەبێت وە چۆن کۆتایی دێت، بەڵام دەکرێ هەر لە ئێستاوە بڵێین کە ریفراندۆم بەو شێوازەی بارزانی و پارتی دەستیان بۆ برد، هەر زوو بووە هۆی ئەوەی کە کورد پێگەکەی لە عێراقدا **لاوازتر ببێت تا بە هێزتر**، لە زەمەنی دوای ریفراندۆمیشدا بە ئەگەری زۆر لاوازتر دەبێت؛ ٢) دواخستنی ریفراندۆم، کە ئەمە ئەگەری هەرە لە پێشە، بەمەش سوتانی کارتەکەی دەستی بارزانی و پارتی بۆ مامەڵە پێوەکردن بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی سیاسی بارزانی و درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان. سوتانی ئەم کارتەش پارتی و بارزانی و تەواوی باشووری کوردستان دەخاتە بەردەم ئەزمونێکی نوێوە. دواخستنی ریفراندۆم هەر لە لایەن بارزنی و پارتی و لایەنە پشتگیرەکانییەوە، واتە بەبێ تێکەڵاو بوونی گۆڕان و کۆمەڵ لە بڕیارێکی ئەوهادا، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێز، کە تیایدا **ئەمری واقع زۆر یارمەتیدەری پارتی نابێت**. لە لایێکی ترەوە سەیر ئەوەیە کە بارزانی و پارتی هەتا ئەم چرکەساتەش دەتوانن مامەڵە بە کارتی ریفراندۆم بکەن، کارتێک کە هەر زوو هێماکانی سوتان و لەدەستدانی دەرکەوتوون، وە لەم چەند خولەکەی کە لە چارەگ بۆ کاتژمێر دوانزە وا خەریکە باشتر ئەو هێمایانە دەردەکەون. لە راستیدا دواخستنی ریفراندۆم خەریکە دەبێتە بە هەنگاوی کردارەکی. دواجار لەوەدەچێ کە یەکێتی لە دوا چرکەدا ٣٠ حوزەیرانێکی تر هەڵبژێرێ لە بری ٢٣ حوزەیرانێکی تر. دیارە یەکێتی پێویستی بە دوو ساڵ کات هەبوو بۆ ئەوەی لە ٢٣ حوزیران بگاتەوە بە ٣٠ حوزەیرانێکی دیکە!

ئێستا پرسیار بۆ هەموو لایەنەکانی کوردستان ئەوەیە کە چۆن دەکرێ بە ئەوپەڕی هوشیاری و زەمیری سیاسی زیندووەوە مامەڵە لەگەڵ کارتێکدا بکرێ، کە بە ئەگەری زۆر هەر زوو سوتاوە: شتێک بکرێ کە ئیتر بە هۆی سەرشێتی و سەرکێشییێکی سیاسییەوە، تەڕ و وشکی وڵات نەسووتێ؟